کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-7-2007 22:36 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**هەمدیس نوخبەی عێراق ... مزەفەر عەبدولوەهاب**

باس و خواسی ئەمجارەمان مەسەلەی ئەو نوخبەیە ناگرێتەوە کە لەعێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دەسەلاتیان کۆنترۆڵ کردووە، هەروەها شمولی ئەو نوخبەیەش ناکات کە لە دەسەلاتن و دژایەتی توندی نوخبەی هاوتای خۆیان دەکەن، خۆی لەقەرەی ئەو نوخبەیەش نادات کە بازرگانی کۆلە (رقیق) دەکەن و بەقاچاغ نەوت ئاودیوی هێلە وەهمیەکە دەکەن، لەوانەش نزیك نابێتەوە کە لە دەوری بازنەی نوخبەدا دەخولێنەوە، بەڵکو باسی ئەمجارەمان تیشك دەخاتە سەر دوا یاری خولی نوخبەی عێراق بۆ تۆپی پی کەچەند ڕۆژێك بەر لەئێستا لەشاری هەولێر لەنێوان هەردوو یانەی (هەولێر - قوەجەوی) بەڕێوەچوو.

دیارە یەکێتی تۆپی پی ی عێراق بەهۆی جێگیربوونی ئەمن و ئاسایش و لەباریی کەش و هەوای کوردستان و جەماوەرە بێشومارە وەرزشدۆستەکەی ئەم بڕیارەی وەرگرتبوو، هەرچەندە لەملاو ئەولا نارەزایی سەبارەت ئەم بڕیارە بەرزبوویەوەو گەیشتە ڕادەی ئەوەی هەندێك لە بەرپرسە شۆڤێنیەکانی بەشێك لەیانەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بڕیاری پاشەکشە بدەن، بەڵام سەرەنجام خولی نوخبە لەکات و شوێنی دیاریکراودا بەڕێوەچوو و بەسەرکەوتوویش کۆتایی هات.

ئەوەی مەبەستمە قسەی لەسەر بکەم دوا یاری و دابەشکردنی خەلاتەکانی ئەم خولەیە، دواساتەکانی یارییەکە جۆرە پشێوییەکی بەخۆوە بینی کە لەلایەن یاریزانانی (قوەجەوی) سەریهەڵداو بووە مایەی بێزاری جەماوەرو بینەرانی یارییەکە بەوەی یاریزانەکان بەهەموو شێوەیەك ڕەخنەیان لەبڕیارەکانی داوەر دەگرت و کەوتبوونە تێهەڵدانی یاریزانانی یانەی هەولێر، لەو قەناعەتەدابوون کە بەچاو سوورکردنەوەو شەڕانگێزی و ململانی ی نادروست ئاوات و مەرامەکانیان دێتە دی، لەبەرئەوەی لەدوا ساتەکانی یارییەکەدا بەگۆڵێك لەپاش بوون بۆیە لەیادیان کردبوو کە لەناو گۆڕەپانی وەرزشیدان، لەوەها گۆڕەپانێکیشدا بردنەوەو دۆڕان، سەرکەوتن وشکست کارێکی سروشتییە!

وەرزش پەیامە، خۆشەویستی یە، ڕێزگرتنە، زۆرجاریش سنورە بەستەڵەکەکان تێك دەشکێنی و ئەوەی سیاسەت و دیبلۆماسەت پێیناگات، وەرزش زۆر بەئاسانی دەیگاتی و دەروازە داخراوەکان دەخاتە سەرپشت، کەچی هەڵس و کەوتی یاریزانانی (قوەجەوی) بەدەربوو لەهەموو گیانێکی وەرزشی بەتایبەتیش لەکاتی وەرگرتنی خەلاتەکاندا کەبێرێزییەکی زۆریان نواند!

گەربێت و بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دامەزراندنی یانەی (قوەجەوی) دەبینین هاوزەمان لەگەڵ سوپای عێراق لەساڵی 1921 دامەزراوەو یەکەم یانەی وەرزشی بووە لەسەرتاسەری عێراق، بەڵام لەبەرئەوەی ناوی هێزی ئاسمانی (قوەجەوی) هەڵگرتبوو بۆیە لەسەردەمی 35 ساڵەی حوکمی بەعسدا ئەو یانەیە لەلایەن زۆرێك لەپیاوەکانی ئەو ڕژێمە دەستەمۆ کرابوو و بەسەربازی مەیدانی جەنگ لەقەڵەم دەدران، زۆرجار لەیارییەکاندا ناوی (قوەجەوی) شانازی پێوە دەکرا بەوەی داکۆکی لەعێراق دەکات و سنورەکانی دەپارێزی، ئەو ناوە دەستەواژەیەکی مەترسیداربوو لەلایەن کوردەوە، چونکە ئەو هێزەبوو چەکی کیمیاوی بەسەر گەلی کورددا تاقی کردەوەو شاروشارۆچکەکانی ژەهر باران دەکرد، هەر ئەو هێزەش بوو کە پاڵپشتی سەرەکی هێزی پیادەی داپڵۆسێنەری سوپای عێراق بوو بۆ ئەنفالکردنی کورد، بۆیە سەیر نییە هەندێك لەیاریزانانی ئەو یانەیە لەخەوی ساڵانی پێشوودابن و خەبەریان نەبووبێتەوە.

ئەوەی جێگای کامەرانیشە مرۆڤێکی کورد لەرەگەزی می کە وەزیری (کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوەکانە) خەلات بکاتە ملی یاریزان و دەستەی کارگێڕی و ڕاهێنەری یانەی (قوەجەوی)، کە دەخوازم ئەمەیان کارێکی بەرنامە بۆ دارێژراوبێت و لەو ڕێگەیەوە پەندێك ئاراستەی بەرامبەر بکەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەوەی ئێوە هەڵگری ناوی ڕەشبگیری و قات و قڕی بوون بەڵام هەمیشە ئێمە بەگیانی لێبوردنەوە بەسەرتانا زاڵ دەبین، گەر هاتوو ئەم ڕووداوەش تەنها ڕێکەوت بوو، ئەوا جوانترین ڕێکەوت و ڕووداوی ئەم ساڵ بوو.

لەکۆتایشدا جێی خۆیەتی بەهۆی ئەم سەرکەوتنە بەنرخ و مەزنە، پیرۆزبایی ئاڕاستەی یاریزانان و جەماوەری وەرزشدۆستی یانەی هەولێر بکەم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.